## هەوڵێک لەپێناو ساغکردنەوەی

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

### لە سەر بنەمای دیوانی شێخ ڕەزا چاپی نەمر 'مامۆستا شوکور مستەفا'

**دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2000، 573 لاپەڕە**

**شیعری کوردی و فارسی**

**ئەنوەر سوڵتانی**

2010/12/20

**<u>سەرەتا</u>**

شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی ناسیاوی هەمووﻻیەک و لەسەر زمانی زۆربەی زۆرمانە. بەداخەوە تائەمڕۆ هیچ دیوانێکی شیعری ئەو شاعیرە هەستیار و زمان پاراوە نییە بە سەدان هەڵەی تێ نەکەوتبێت و خوێنەری کورد بتوانێت بە دڵنیاییەوە بیخوێنێتەوە. شیعرەکان بە گوێرەی بێ زەوقیی و سەلیقەی نەعاملاوی هەندێک نوسخەهەڵگر و ناشارەزایی یاخود ووردنەبوونەوەی ئەوکەسانەی وا دیوانەکەیان جاپ کردووە، سەروگوێ شکاو و ناتەواو و ناڕێک وپێکن ئەوەش لەکاتێکدایە کە شاعیر خۆی لە لووتکەی فەساحەت و زمان پاراوی وەستاوە و کەم شاعیر دەتوانێ بگاتە حاندی ئەو.

ئەم بۆچوونەی من نەک هەر شیعرە کوردییەکان بەڵکوو بەرهەمە فارسییەکانیشی دەگرێتە بەر. بەبۆچوونی من لە نێو شاعیرانی کلاسیکی کورد دا کەس نەیتوانیوە شیعری فارسی بەو زمانە ڕێک وپێک و بێ عەیبە بڵێت کە شێخ ڕەزا و مەولانا خالیدی شارەزووری گوتوویانە. بەڵام بەداخەوە شیعرە فارسییەکانی شێخ ڕەزاش بە هەمان دەردی شیعرە کوردییەکانی چوون و دەگمەن دوو فەردی بێ هەڵەیان لەناودا دەبینرێت.

بەکورتی، تا ئەمڕۆ هیچ دیوانێکی بێ هەڵەی شیعری شێخ ڕەزا بڵاو نەبۆتەوە کە بکرێت پشتی پێ ببەسترێت. ئەوەش ئەرکی سەرشانی هەمووی ئێمە قورستر کردووە و دڵنیام نە خوێنەری ئاسایی شیعرەکان بەوە ڕازییە و نە ڕەخنەگر و شیعرناس و شارەزای ووردبین ئەو ڕاستییە زەقەی لەبەرچاو وون بووە. دوور نییە هۆی کەم تەرخەمی زۆرێک لە پسپۆڕان ئەو ڕاستییە بێت کە هەجوی شێخ ڕەزا گەلێک توندوتیژ و شیعرەکانی گەلێک ڕووهەڵماڵراون، سەردەمی ژیانی شاعیریش لە سەردەمی ئێمە دوور نییە و ئەوانەی وا کەوتوونەتە بەر تیر وتانەی شێخ، خزم و کەس وکاریان ماون و پەیوەندی هێشتا زیندووی عەشیرەیی لە کۆمەڵگاکەمان واهەیە بیانرەنجێنێت. زۆرکەس واهەیە نەوێرێ خۆ لەقەرەی ساغکردنەوەی شیعرێک بدات کە لەلایەکەوە بێ پەردە و سنووربەزێنە ولە لایەکی دیکەوە هێرشکارە بۆ سەر فلان شەخس و فلان بنەماڵە و تایفە.

سەرەڕای ئەو ڕاستییانە، هەجو و تەنز بەشێک لە ئەدەبی گەلانی جیهانە و کورد لەو بوارەدا کەسی نییە بتوانێت شان لە شانی شێخ ڕەزا بدات، کەوابوو درەنگ یا زوو، لێرە یان لەوێ دەبێ کەسێک بەو ئەرکە گرنگە هەستێت و ئەو کارە پیرۆزە ڕاپەڕێنێت.

من خۆم بە پاڵەوانی ئەو گۆڕەپانە نازانم، بەڵام یەک دوو تایبەتمەندی لە کارەکەمدا هەیە کە دلێری و جەربەزەم پێدەدات و هاندەرمە بەرەو ئەنجامدانی کارەکە: یەکەم، من هیچکام لەوانەی وا شێخ ڕەزا هێرشی کردوونەتە سەر، ناناسم و کەس ناتوانێت تۆمەتم لێبدات کە لەبەر هۆیەکی شەخسی یا عەشیرەیی و بۆ سووکایەتی کردن بە کەسانێک شیعرەکانم ساغ کردوونەتەوە و چاپم کردوون. دووهەم، ئەندامی هیچ عەشیرەتێک نیم و دژ بە کۆمەڵگای عەشیرەییم. سێهەم نییەتێکی خراپم لە کارەکەدا نییە کە لە ناوزڕانی خۆم بترسم. چوارەم ماوەیەکی زۆرە لە ئوروپا دەژیم و کەڵک وەرگیران لە هەندێک ووشە و تەعبیری ڕووهەڵماڵراو لەلام سەمەرە نییە و پێیان هەڵنابەزمەوە.

کە وابوو، هەوڵی خۆم دەدەم و ئەوەندەی شارەزاییم بڕبکات شیعرەکان ساغ دەکەمەوە. دەشزانم بۆچوونەکانی من کۆتایی کارەکە نین و زۆر واهەیە بازم بەسەر هەندێک هەڵەدا دابێت یا ساغکردنەوەی هەندێکیانم بە باشی بەڕێوە نەبردبێت. دەزانم "دونیا لەدوای" بۆچوونەکانی من "زێروزەبەر" نابێت، ئەگەر من 100 ساڵێک دوای شێخ ڕەزا بەم کارەهەستابێتم 10 ساڵ دوای منیش کەسانێکی دیکە دێن و هەڵەی من ڕاست دەکەنەوە. بەڵام ئەنجامی کارەکە دەبێتە دیوانێکی ڕاست و بێ گرێ وگۆڵی شاعیرێک کە نەک هەر لە سەردەمی ژیانیدا بەڵکوو دوای مردنیش زوڵمی لێکراوە؛ ئەودەم لەلایەن کەس وکارەوە و ئێستا لەلایەن ئێمەوە کە شیعرەکانی بەهەڵە دەنووسین و بەهەڵەیان دەخوێنینەوە.

من بەشی کوردی ئەم بابەتەم لە ساڵی 2008 دا ئامادە کرد بەڵام لەبەر زمانی هەجوەکانی شێخ نەمویست بڵاوی بکەمەوە. ئەمساڵ کە پێیداچوومەوە هەستم کرد بۆ هەڵەبڕ کردنی دیوانی شێخ هەرئەوەندە بەس نییە ودەبێ مەیدانی کارەکە بەرفراوانتر بکرێتەوە. لە ئەنجامدا، ماوەیەکە دەستم کردووە بە ساغ کردنەوەی سەرلەبەری شیعرەکان.

لام وایە کارە تازەکەم بەراوردکاری و ووردبوونەوەی زیاتری گەرەکە و وا هەیە لە ئەنجامی خۆیدا بگاتە چاپی دیوانێکی پاکردەی شیعری کوردی و فارسی شێخ ڕەزا. خۆ ئەگەر هاوکارێکی شارەزاشم هەبوایە کە شیعرە تورکی و عەرەبیەکانی ساغ بکردایەتەوە ئێتر دەمانتوانی پێکەوە دیوانێکی متمانەپێکراوی ئەو کەڵە شاعیرەی گەلەکەمان ئاراستەی خوێنەری تامەزرۆ بکەین. هەربۆیەش بە

باشم زانی ئەم کارە ئامادەکراوەم بڵاو بکەمەوە وچاوەڕوانی ڕەنگدانەوەکانی بم، ئینجا لەقۆناغی کۆتاییدا دیوانەکە ئامادەی چاپ بکەم.

گەلێک هیوادارم کارەکەم بەچاوی ڕەخنەگرانە سەیربکرێت و خوێنەری شارەزا هەڵەکانم ڕاست بکاتەوە و پێمی ڕابگەیێنێت. من بە پێخۆشییەوە پێشوازی لە ڕەخنەی هەمووان دەکەم و کارەکە وەک ئەرکی هەمووان دەبینم.

*****

هەندێک شاعیری کورد بەختی ئەوەیان هەبووە دیوانەکەیان بە پاراوی و بێ هەڵە و پەڵەیی چاپ کرابێت و گەیشتبێتە دەست خوێنەر؛ هەندێکی تربە پێچەوانە ئەوەندە هەڵە کەوتۆتە شیعرەکانیانەوە کە دیوانەکەیان زیاتر لە کاریکاتیری دیوان دەچێت تا شتێکی ڕاستەقینە!

نموونەی هەردوو تاقم لەناو شاعیرانی هەورامیماندا هەن:*'مەولەوی'* هەر لە سەرەتاوە شیعرەکانی کەوتۆتە دەست پسپۆڕێکی وەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و دەقێکی ڕاست و بێ گرێ وگۆڵی لێ بڵاوبۆتەوە، ئیتر هەموو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەکی شیعرەکانی – لە لایەن هەرکەسێکەوە بەڕێوەچووبێت لەسەر بنەمای ئەوکارە سەرکەوتووەی مودەرریس بووە و لە ئەنجامدا ئەوانیش بێ هەڵە یاخود کەم هەڵە بوون. بەڵام سەیرێکی ساکاری دیوانی*'بێسارانی'* دەری دەخات کە ئەو شاعیرە خۆش مرخە خاوەن قوتابخانەیە چۆن بۆتە قوربانیی دەستی ناشارەزایان و ئێستا لە سەدەی بیست ویەکەمین و دوای سێسەدساڵیش ناکرێت بە متمانەوە بڕوانییە چوارغەزەلی ناودیوانەکەی و دڵنیابێت دەستیان تێوەرنەدراوە. شیعری نالی و بەتایبەت ئەدەب و ئەحمەدی کۆر و وەفایی لە موکریان دەکەونە خانەی دیوانی بێسارانییەوە و ڕاست وچەوت وەها تێکەڵاوی یەک بوون، پسپۆڕی شارەزا نەبێت کەس سەرەندەریان لێ ناکات. زۆر شاعیری دیکەشمان بە هەمان چەشن.

دیوانی شێخ ڕەزا باشترین نموونەیە لە تاقمی دووهەم و سەرەڕای سێ کاری سەربەخۆ وجیاوازی ئەم ساڵانەی دوایی، هێشتا خوێنەر ناتوانێت تەنانەت یەک لاپەڕەی دیوانەکە بخوێنێتەوە و تووشی یەک یا دوو هەڵە نەیەت – جا لە کێشی شیعرەکان، یاخود لە ڤۆکابیولەری دەست تێوەردراو، یان تەنانەت ناو وعینوانی شیعرەکان، هەروەها هەڵەی چاپ یا خود ووردنەبوونەوەی ساغکەرەوەی شیعرەکان بێت.

*****

ناسینی شێخ ڕەزا و سەردەمەکەی شاکلیلی چوونەناو ئەندێشە و بیروهەڵوێستی شاعیرە و هەر لەو ڕێگایەشەوە، دەروازەیەکە بۆ هەڵەبڕکردنی دیوانەکەی. ناسینی شێواز و ئوسلووبی شیعرەکانی، دەتوانێ یارمەتیدەری ساغکردنەوەی هەڵەی نەخوازراوی ناودیوانەکە بێت. من وەک سەرەتایەک بۆ کارەکەم لێرەدا دەست نیشانی چەند چخاڵی سەرەکی سەبارەت بە ژیانی شاعیر و تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی دەکەم:

جیهانی فیکریی شێخ ڕەزا شەقڵی سەردەمێکی نوێی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی عوسمانی و کوردستانی بن دەستی عوسمانی پێوەیە، سەردەمێک کە بیری ئازادی سەردەمی دوای ڕێنێسانس لە ئەورووپاوە گەیشتبوە ئەستەموڵ و بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە بەکوردستانیشەوە. تەنیا لەوجیهانە کراوەیەدایە کە ئەندامێکی بنەماڵەی سوننەتیی شێخانی تاڵەبانی دەتوانێت شیعری

*'ڕووهەڵماڵڕاو'* ی ئەوتۆ بڵێت و بنووسێت کە تەنانەت لەسەردەمی ئەمڕۆشدا گوتنەوە و ڕاگواستنیان کارێکی ساکار نەبێت.

شیعری شێخ ڕەزا کارتێکەریی شیعری سەردەمی عیلمانییەتی لەسەرە و تەنیا لە جیهانێکی نوێ و لە سێبەری ئەو *'عیلمانییەت'* ە دایە کە دەکرێت *"بوت"* ە کۆنەکان بشکێنرێن و دیاردە پەرپووتە کۆنەکان بخرێنە بەر نەشتەرگەری. تایبەتمەندی کوردستان لەو بوارەدا ڕەنگە ئەوەبێت کە ئەندامانی بنەماڵە ئایینی و تەریقەتییەکان، خۆیان لەو ڕووخاندن و وێرانکردنانەدا دەوری ڕاستەوخۆیان هەبووە. لە ساڵانێکی نە زۆر دوورتر لە سەردەمی شێخ ڕەزادا، *'جەمیل سیدقی زەهاوی'* (1936- 1863)، کوڕی *موفتی زەهاوی*، کەسێک کە بۆ ماوەی 38 ساڵ موفتی گەورە شارێکی وەک بەغدا بوو، لە شێعرێکدا بەڕاشکاوی دەڵێ:

*'به خدا نیست اعتقاد مرا          مادر از کون خر نزاد مرا....*

*احمقم گرکند گهی خرم          وعده حور در معاد مرا..'*[1]

حاجی قادر و موفتی پێنجوێن و قانع و ئەدەب و گەلێک شاعیری دیکەشمان مەلا وموفتی یا مەزنی عەشیرەت و گەورەی بنەماڵە بوون و لە شیعرەکانیاندا بە تەعبیری خەڵکی ئاسایی، قسەی دوور لەباوەڕیان کردووە.

*****

ئەگەر فەزای کۆمەڵایەتی – سیاسی عوسمانی زیاترین کارتێکەریی لەسەر مێشک و بیری شێخ ڕەزا بووبێت، شاعیر لە باری هونەری شیعرەوە- وەک زوربەی شاعیرانی کوردی هاوسەردەمی خۆی، لەژێر تەئسیری ئەدەبی فارسیدا بووە.

کاتێ ئەو کارتێکەرییە دەگرینە بەرچاو ڕووبەڕووی ڕاستییەک دەبینەوە: شیعری شێخ ڕەزا نموونەی شێعری *'سەردەمی گەڕانەوە'* یە لە شیعری فارسیدا [2] و تێکەڵاوێکە لە غەزەل و قەسیدە و قەتعە لە هەردوو بواری *'عیراقی'* و *'خۆراسانی' وبە دەگمەنیش 'هیندی'*. ئەم خاڵە لە فەردێک لە شیعرەکانی شێخدا بە ڕاشکاوی دەبینرێت. شیعرەکە *'ئیهام'* ێکی گاڵتەئامێزیشی تێدایە و بەم شێوەیە:

*"بحمدالله گروهی از سخن سنجان ایرانی*

*به سعدی پیروی کردند و من کردم به قاآنی!"*

سەعدی شێرازی شاعیری سەدەی حەوتەمی کۆچی و قائانی شاعیری سەدەی سێزدە و کەم وزۆر هاوچەرخی شێخ ڕەزا بووە و وەک ئەو شیعری هەجوی گوتووە. شاعیرانی ئەو سەردەمەی ئێران کە داهاتوویەکی ڕوونی هونەرییان لە بەردەمی خۆیان نەدەدیت، بەرەو دواوە دەگەڕانەوە و هەرکام

---

[1] بۆ دەقی تەواوی ئەم پارچە شیعرەی جەمیل سیدقی زەهاوی (1863 – 1936)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە یەکی ئەم ووتارە هەروەها من لە ساڵی 2009 دا ووتارێکم بەفارسی سەبارەت بە جەمیل سیدقی زەهاوی و هەڵەی بێ مەنتیقی سادقی هیدایەت و عەلی مقدم بۆ هێرش کردنە سەر جەمیل سیدقی نووسی و لە ماڵپەڕی "اخبار روز" ی ئێرانییەکاندا بڵاوم کردەوە. لەوێدا دەقی ئەم شیعرەشم هێنابوو.

[2] شیعری فارسی دوای هێرشی عەرەب چوار قۆناغی بڕیوە کە هەرکامیان بە "سەبک" یا "شێوە" یەک دەناسرێن: خۆراسانی یا تورکستانی، عیراقی، هیندێ، گەڕانەوە، و نوێ.

لاسایی شێواز و ئوسلووبێکی کۆن و شاعیرێکی سەدەکانی زۆوتریان دەکرد. شێخ ڕەزا لەو فەردەی سەرەوەدا باس لەو ڕاستییە دەکات و دەڵێ تاقمێک لە شاعیرانی ئێرانی بوون بە پەیڕەو و شوێنهەڵگری سەعدی، بەڵام من ئیقتیدام بە قائانی کرد. گەرچی شاعیر لە هەندێک شوێندا دەریدەخات کە ئیستیقباڵی شیعری سەعدیشی کردووە. ئەوەش نموونەکانی:

*چند باشد چو جسر بغدادش*

*آب در زیر و آدمی برپشت!* (سعدی، گوڵستان، باب پنجم)

زبسکه حیز بود،*[هم]*چو جسر *بغدادش*

*همیشه آب به زیر است وآدمی بر پشت"*

(شێخ ڕەزا، در هجو حافظ افندی، ل. 268 ی دیوان، چاپی شوکور مستەفا)

یا:

*" عەینی بەغدایە بەخۆی، چونکە لەبەر ئاوی مەنی*

*مەقعەدی بەحرە، گونی قابیغە، کێری جسرە[یە]"*

(شێخ ڕەزا، شیعری "ژنەکەی مەستی ئەفەندی"، ل. 118)

یا:

بتی که در صفتش آورم به استشهاد

دومصرع از غزل 'سعدی' سخنگو را:

*"حصار قلعه یاغی به منجنیق مگیر*

*ز بام قصر بیافکن کمند گیسورا* "

(شێخ ڕەزا، شیعری "درمدح محمدبگ قائممقام رانیه"، ل.245)

یا:

از گلویم به سینه، هرنفسش

*"چو[ن] فرو میرود، ممد حیات"*

وزدرون جگر به نای گلو

چون همی برکشم،*"مفرح ذات"*

(قەرز وەرگرتن لە *'دیباچە'* ی گوڵستانی سەعدی؛ لە پارچە شیعری*" در سپاس فرستادن تماکو"* ، ل. 272)

بەڵام ئەوە کەمتر ڕووی داوە و لای شێخ ڕەزا ئیستیقباڵ کردنی شێعری *'سووزەنی سەمەرقەندی'* و *'قائانی'* ئاساییتر بووە لە لاسایی کردنەوەی سەعدی.

لە ئەدەبی فارسیدا ئەگەر بتوانین ناوی سێ شاعیری ساحێب دیوانی *'هەجاگۆ'* و *'ڕووهەڵماڵراو'* ببەین، بێگومان *'قائانی شیرازی'* (سەدەی سێزدەهەمی کۆچی) یەکیان دەبێت و دوانەکەی تریش کە پێش ئەو ژیاون، *'سووزەنی سەمەرقەندی'* (سەدەی شەشەمی کۆچی) و *'عوبەیدی زاکانی'* (سەدەی هەشتەمی کۆچی )ن.

کارتێکەریی *'قائانی'* و تاڕادەیەکیش *'سووزەنی'* لە سەر شێخ ڕەزا، دیاردەیەکی بەرچاوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەوە پلەیەی کە لاساییان بکاتەوە یا شتیان لێ ڕابگوێزێت. شوێن هەڵگرتنەکان بە شێوەیەکی پسپۆڕانە کراون و مۆرکی 'کوردی' و 'شێخ ڕەزایی' یان لەسەر دراوە. چەند نموونە:

<u>یەکەم</u>، شیعری *'حاجی عەبدوڵڵا'* :

سوزنی:

*"با جهانی خرفشار[3] ازخانه بیرون می نرفت        وزبلای 'سوزنی' از خانمان آواره شد!"*

شێخ ڕەزا:

*"حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە        باوجوودی ڕوتبەیی پێغەمبەری*

*ئەم، بەسەد شەیتان لە کۆیێ دەرنەچو        ئەو، بە یەک شەیتان لە جەننەت دەرپەڕی!"*

وەک دەبینین، شێخ ڕەزا تەنیا بیرۆکەی قیاسی دووکەس و دەرچوون و دەرنەچوونیانی لە سوزەنی وەرگرتووە، دەنا کەسایەتییەکانی ناو شیعرەکە، فۆڕم وقاڵب و بەحرە عەرووزییەکەی، دانانی شارێک لەجیاتی ماڵ و دانانی شەیتان لەجیاتی شاعیر خۆی، هەمووی نوێکردنەوە و لادانن لە تەئسیری ئەو.

**دووهەم**، شیعری "درستایش مرحوم احمد پاشا بن سلیمان پاشا طاب ثراه":

شێخ ڕەزا:

*" هرچند زدم دامن تقوی به کمر بر*

*تسبیح بەکف گیرم و مسواک به بر بر*

*ناگه کفلی نرمتر از پنبه محلوج*

*برجست ز دنبال یکی سادەپسر بر..."* (در ستایش مرحوم احمدپاشا بن سلیمان پاشا، ل. 304)

---

3 *'خرفشار' واتە گوشاری زۆر، پاڵەپەستێو*

قائانی:

*"آمد به برم دوش یکی ساده پسر بر          وز مشک فروهشته دو گیسو به قمر بر"*

که قەسیدەیەکی درێژە و لە درێژەی خۆیدا حیکایەتێکی هاوشێوەی ئەوی شێخ ڕەزا دەگێڕێتەوە و چاوپێکەوتن و شوێن کەوتنی کوڕێکی مێرمندالٚ.

قائانی خۆی شێعرەکەی لە وەلٚامی ئەم شیعرەی سوزەنی سەمەرقەندیدا گوتووە:

*"امروز منم کیر و خدوکرده به کف بر..."*

کە ئەویش وەلٚامی ئەم شیعرەی*'امیر معزی'* (شاعیری سەدەی شەشەمی کۆچی) یە:

*"آن شب که مرا بود می وصل بەکف بر..."*

من دوای ئەو بەراوردکارییە شیعرییە دەگەمە ئەنجامی بۆچوونێک لەمەڕ کەسایەتی شێخ ڕەزا خۆی: ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی لە ئیستیقبالٚی شیعری قائانی شیرازیدا گوتبێت، کە بەراوردی شیعرەکان ئەوەی بۆ دەرخستین، ئینجا دەبێ ئەو شتە ڕاست نەبێت کە شێخ ڕەزا خاوەن خووخدەی نێربازی بووە، واتە حیکایەتی کەوتنە شوێن کوڕێکی بولٚغار لە شاری ئەستەمولٚ، ناواقیع و دروستکراوی خەیالٚی شاعیرانەی شێخ ڕەزایە و ئیستیقبالٚی شیعرەکەی قائانییە، گەرچی شێخ لەهەندێک شیعردا خۆی لەقاو دەدات و وا بەخوێنەر دەگەیێنێت کە گوایە سادەپەرست بێت:

"میخوار نیم من که مرا باده بیارید

من سادەپرستم، پسر ساده بیارید..." (ل. 288)

بەبۆچوونی من، شێخ ئەگەر لە شیعرەکانیدا ئەو خەسلەتە دەداتە پالٚ خۆی، تەنیا لاسایی کردنەوی شاعیرانی وەک قائانی و سوزەنی یا هاوچەشنە تورک و عەرەبەکانی ئەوانە وبەس- وەک چۆن گەلێک لە شاعیرانی کلاسیکی کورد باسی شەراب و مەستییان کردووە، لە کاتێکدا مەلا و پێش نوێژ و دەرس بێژی مزگەوت و حوجرەی گوندێکی دوورەدەست بوون و زۆر وا هەیە تا کۆتایی تەمەنیان ڕەنگی شەرابیشان نەبینیبێت! شێخ ڕەزا شاعیری دلٚی خۆیەتی و بە زمانێک کە خۆی هەلٚیدەبژێرێت قسەی ئەو دلٚە هەلٚوەدایە دەکات. ئەوە وڕۆحی شەیدا و بیری سنوورنەناس و سوننەت شکێنی خۆی لەلایەک وفەزای ئاوالٚە و نیمچە ئازادی سەردەمی ژیانی شێخ لە کوردستان و عوسمانی لەلایەکیترە کە دەرەتانی ئەو دەربڕینە ڕاشکاوەی پێ دەدات، دەنا زۆر واهەیە ئەو کەسایەتییە پاک ولەخوداترس و وجێگەی ڕێزی خەلٚکە هەرگیز داوێن پیس نەبووبێت و کاری ئەوتۆی لێ نەوەشابێتەوە.

کاتێ لە بۆچوونەکانمدا دەست نیشانی فەزای ئاوالٚەی سیاسی – کۆمەلٚایەتی ئەودەمی عوسمانی و کارتێکەرییان لەسەر شێخ ڕەزا دەکەم، لەعەینی کاتدا ئەو ڕاستییەشم لەبەرچاوە کە گەلێک شاعیری کلاسیکی کورد و عەرەب و فارس و تورک لە شیعرەکانیاندا ووشە و تەعبیر و قسە و ڕیوایەتی ڕووهەلٚمالٚراویان هەیە و خۆش قسەیی و گالٚتە و 'میزاح' یەک لە لایەنە سەرکەوتووەکانی کاری شاعیران بووە. واهەیە "مەسنەوی" مەولانا جەلالەددینی بەلٚخی نموونەیەکی باشی ئەو ڕۆحە ڕەها و ئازادە بێت. هەندێک بەشی مەسنەوی تەنانەت بە پێوانەی ئەمڕۆییش سوننەت شکێن و سنووربەزێنن، بۆ نموونە حیکایەتی کەنیز و کوولەکە. سەعدی شیرازی لە بابی پێنجەمی گولٚستاندا کەمتر لە شێخ ڕەزای باسی "ئەلواتی" و "ڕابواردن" ی خۆی نەکردووە. کەوابوو، نەریتێکی دوور ودرێژ لەپێش

شێخ ڕەزاوە هەبووە و جگە لە هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی –سیاسی سەردەمی خۆی، لەوچەشنە قسانەدا چاوێکیشی لە شاعیرانی پێش خۆی بووە. یەک لەهۆکارەکانی ئەو ئازادی و سنوور شکێنییانەی شاعیرانی کلاسیک واهەیە ئەوە بووبێت کە دەقی شیعر و نووسراوە و کتێب تەنیا لەبەردەستی پیاواندا بوون و ژن بە عام نەخوێندەوار بووە لەئەنجامدا هەرکەس ئەسپی تەبعی خۆی هەرچۆنێک پێی خۆش بووبێت ڕاداوە، دۆخێک کە ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە وبەو پێیە هەڵوێستی شاعیرانیش گۆراوە.

*****

زمانی شیعری کوردی و فارسی شێخ ڕەزا خۆمانە، ساکار، بێ گرێ وگۆڵ و لەدڵ نزیکە، بەشێوەیەک کە کەمتر مرۆڤێکی کورد، تەنانەت نەخوێندەواریش، هەن کە لای کەم فەردێک و میسراعێکی شیعری ئەویان لەبەر نەبێت. بەکارهێنانی زمانی خەڵکی ئاساییش هەر دەسکەوتێکی سەردەمی عیلمانییەت و مەشرووتەی عوسمانی و ئێرانە - سەردەمێک کە شاعیران لە دەرباری شاهان و دیوەخانی ئاغاوات هاتوونەتە دەرێ و هونەریان پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵک و ئاپۆرەی ناوکۆڵان و قاوەخانان کردووە، هەربۆیەش دەبوایە زمانی ساکار و شێوازی لەو ساکارتر و ناوەرۆکی لەدڵ و دەروونی خەڵک هەڵقولاویان هەبێت، کە هەرواش بوو و شێعری شێخ ڕەزا نموونەیەکی باشی ئەو ساکاری و لەدڵ نزیکییەیە و لەباری ئوسلووبی شێعری و لایەنی ناوەرۆکەوە لە شیعری *'فاخیر'* ی مەلای جزیری و مەولەوی و مەحوی گەلێک جیاوازە. بەکورتی، شیعری شێخ ڕەزا شیعری *'خەواس'* نییە و زمانی دڵی *'عەوام'* و کۆمەڵانی خەڵکە- بەتایبەت خەڵکانێک کە وەک خودی شاعیر لە "نۆڕم" ە کۆمەڵایەتییەکان ناڕازین و بەرهەڵستکارانی بێدەنگی کۆمەڵگان.

کێشە وهەرای ناو بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی و بۆ نموونە، شەڕ وتۆران و پشتکردنە شێخ عەلی و شێخ غەفووری مامی و هێرش کردنە سەر ڕەشیدی ئامۆزای، دەورێکی گرنگی بینیوە لە کراوەیی و ڕووهەڵماڵراویی ناو شێعرەکانی شێخ ڕەزادا. کەسێک کە بەو شێوەیە بەگژی مام و ئامۆزا و کوڕ وکچانیاندا دەچێت، دەبێ سڵ لە هێرش کردنە سەرخەڵکی بێگانەی وەک موفتی زەهاوی و خادمی سەججادە و مودیری قزڵجەش نەکاتەوە، کە نەیکردۆتەوە.

گەلێک شیعری شێخ ڕەزا بەداخەوە فەوتاون، یا نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە. من لە ڕێزدار دوکتۆر 'نووری تاڵەبانی' م بیست کە نوسخەیەکی دیوان یا کومەڵەیەک لە شێعرە چاپ نەکراوەکانی شێخ ڕەزا بە ئەمانەت لای کەسێک بووە و فەوتاوە و یەک لە گەورەپیاوانی بنەماڵەی تاڵەبانی گوتوویەتی *'ئەگەر ئەو شیعرانە بمایەن نەئێمە دەماین نە تەکیەکەمان'* !. واتە تیغی دەبانی شیعری شێخ ڕەزا بە تایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی خۆیدا گەلێک لەوە تیژتر بووە کە ئێمە دەزانین. داخ و حەسرەت کە ئەو گەنجینە بەنرخە فەوتاوە وچاومان پێی نەکەوتووە.

شێخ ڕەزا بە حوکمی فەقێیەتی و مەلایەتی و هەروەها ژیانی بێ سەروسامانی بنەماڵەییەوە، کوردستان زۆر گەڕاوە و توێشەی زۆری لە داب و نەریت و شێوەزار و زاراوەی هەمەچەشنەی کوردی بەتایبەت بابان و ئەردەڵان و هەورامان وەرگرتووە و هەربۆیەش لە 'هەجو' و هێرشکارییەکانیدا گەلێک سەرکەوتووە و تایبەتمەندییەکانی شار و ناوچەکان (کەرکووک، سنە، سلێمانی و...) بە ووردی ولێزانییەکی ئەوتۆوە وەسف دەکات کە خوێنەر هەست بە ڕاست و دروستییان دەکات و لە عەینی کاتدا

خەڵکی شار یا ناوچە بەرهێرشکارییەکەش پێی ناڕەحەت نابن. شێخ ڕەزا پسپۆڕێکی لێزانی کۆمەڵناسیە!

هەروەها، شێخ ڕەزا لە هاتوچۆی ئەستەمووڵ و ئێران عیراقدا ئەزموونێکی زۆری ژیان و ناسیاوییەکی باشی خەڵکی ئەو شوێنانەی هەیە و *'هەجو'* یا *'نەعت'* ەکانی لە کەسایەتییە بێگانەکان – لەگوێن پێداهەڵگوتنی شاعیرانی دیکە بۆ وەرگرتنی 'صلە' نین، تەنانەت لەوانەدا کە داوای "صلە" یان لێ دەکات (بۆنموونە، شیعری "در ستایش مرحوم احمدپاشا بن سلیمان پاشا"، ل. 304)، هەربۆیەش زیاتر جێگری ناودڵی خەڵک بوون و سەرەڕای "موناسەبە" بوونیان تائێستا ماونەتەوە ودەشمێنن.

تایبەتمەندییەکی کاری شێخ ڕەزا ئەوەیە زوربەی هەرەزۆری هەجو و هێرشکارییەکانی ئاراستەی کەسایەتییە کوردەکانە، لەکاتێکدا زوربەی پێداهەڵگوتنەکانی بە بێگانەدا هەڵگوتراون. دیارە هەجوی کەسایەتی غەیرە کوردیش لە دیوانەکەیدا کەم نین بەڵام ڕێژەی پێداهەڵگوتن بە بێگانە، لەچاو هێرشکارییەکان، زۆرن ولەناویاندا تورک و عەجەمی داگیرکەر و ملهوڕانی وەک ناسرەددین شای قاجار و سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانیش دەبینرێن کە دەستیان بە خوێنی کورد ڕەنگینە. گەلۆ ئەوە دەرخەری بی هەڵوێستی یا جیهان وەتەنی وگوێنەدانی شاعیر بەرانبەر بە جوغرافیا و خاکە؟ بەبۆچوونی من، نا.

شێخ ڕەزا شێعری وەک *'سەلاحەددین کە دونیای گرت لە نەسلی کوردی بابان بوو'* ی هەیە، یا لە باسی سلێمانیدا ئەفسووسی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بابانەکان دەخوات و بەو تەعبیرانە شاعیرێکی نیشتمان پەرست و خەمخۆری گەلەکەیەتی. ئەوەندەی زانیبێتم، مامۆستا سەباحی غالب چەندساڵ پێش ئێستا بابەتێکی بەپێزی سەبارەت بە نیشتمانپەرستی شێخ ڕەزا نووسیوە و نزیک بەهەموو ئەوکەسانەی دیکەش کە کەسایەتی شێخ ڕەزایان خستبێتە بەر لێکۆڵینەوە دەست نیشانی ئەو خاڵە گرنگەیان کردووە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە بۆچی دەبێ شاعیر لەبەرانبەر بێگانە و دوژمنانی خاکدا لایەنێکی وەها نەرمی هەبێت وبە شان وباڵیاندا هەڵبڵێت لەکاتێکدا نەرمییەکی گەلێک کەمتر بەرانبەر بە ناحەزان و دوژمنانی تاکەکەسیی کورد - بە تایبەت ئەندامانی بنەماڵەی خۆی، پێشان دەدات؟ گەلۆ ئەوە بەشێکە لە کێشەیەکی سایکۆلۆجی و تەنگژەیەکی دەروونیی شاعیر؟ گەلۆ خوویەکی عەشیرەییە یا هەڵوێست گرتنێکی سیاسی؟ ئایا دەبێ لەپەیوەندی هەستیاری و دڵناسکی وبەگشتی، کەسایەتی شەخسی و تاکەکەسیی شێخ ڕەزادا ببینرێت یا لەچوارچێوەیەکی گشتی تر لەگوێن کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کارتێکەرییان لەسەر ڕۆح وگیانی شاعیر، یا شتێکی تر؟ ئەوەی وا لەشێعرەکان دەردەکەوێت و لە زمان ڕێزدار دوکتۆر نووری تاڵەبانیشەوە بیستبێتم ئەوەیە شێخ ڕەزا گەلێک خاوەن هەست و دڵ ناسک بووە و خێراتر لەخەڵکی ئاسایی تووشی ڕەنجان و دڵ ئێشان هاتووە و لە ئەنجامدا، گەلێک زوو دۆستایەتی و برادەری خۆی لەگەڵ خەڵک تێکداوە و پشتی تێکردوون.

ئەم باسە و هەڵسەنگاندنی لایەنە دەروونییەکانی کەسایەتی شاعیر هەرچەندە بەرچاویش بووبێتن، ناگەنە گرنگایەتی هەڵسەنگاندنی ئاسەوارەکانی و پێداویستیی ساغکردنەوە و هەڵەبڕیی شیعرە بایەخدار بەڵام بێ ناز کەوتووەکانی شێخ. دیوانی چاپ کراوی شیعری شێخ ڕەزا بەگشتی دارماڵی هەڵە وپەڵەن. من ئەم قسەیە بە زانیاری و متمانە بەخۆییەوە دەڵێم وهیچ دیوانێکی چاپکراو و هیچ کتێبێک کە سەبارەت بە شێخ ڕەزا نووسرابێت لەو حیسابە جیا ناکەمەوە، گەرچی ڕێژە و ڕادەی ئەو هەڵە وپەڵانە جیاوازن و لە کاری ئەمەوە بۆ ئەو زیاد یاکەم دەکەن.

*****

بنەمای ئەم نووسینە، 'دیوانی شێخ ڕەزا' چاپی مامۆستای نەمر شوکور مستەفایە. مامۆستا شوکور ئەرکی زۆری بە سەر ئەدەبی کوردییەوە هەیە و قەڵەمی بەبرشتی هەمیشە لە خێری ئەدەب و مێژووی گەلەکەمان گەڕاوە - جا تەرجەمە بووبێت یا نووسین و لێکۆڵینەوە. ئاشکرایە من کە ئاگاداری ئەو ئەرک و خزمەتانەی مامۆستام ڕێز و یادی خۆشەویستی ئەو لەدڵمدا ڕادەگرم، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی خۆگرتنم لە دەست نیشان کردنی ئەو هەڵانەی وا مامۆستا لە ساغکردنەوە و شەرحی دیوانی شێخ ڕەزادا تووشیان هاتووە. ئێمە هەرکەس بین و ڕێزی هەرکەسێکی دیکە ڕابگرین لە کۆتاییدا دەبێ خێر و مەسڵەحەتی ووڵات و نیشتمان و گەلی خۆمان وەپێش تاکەکەس بخەین و ئەوە ڕاست ئەو شتەیە کە من لێرەدا دەیکەم.

کاری هەڵسەنگاندنی دیوانی شێخ ڕەزای چاپی مامۆستا شوکور لە دوو بەشدا بەڕێوە دەبەم:

یەکەم، هەندێک خاڵی گرنگ سەبارەت بە *"شەرح"* ی دیوانەکە؛ و

دووهەم، هەڵەبڕیی دەقی ئەو شێعرانەی وا لەوێدا چاپ کراون.

**<u>هەندێک بۆچوون سەبارەت بە *"شەرح"* ی دیوانی شێخ رەزا لەلایەن مامۆستا شوکور مستەفاوە:</u>**

کاری مامۆستا لە پێناو دەرخستنی *"شأن نزول"* یا باشتر بڵێم هۆکاری گوترانی شیعرەکان و ناساندنی هەندێک کەسایەتی و شوێن، کە لە شیعرەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، جێگەی پێزانینە. بە هەمان شێوە، واتاکردنەوەی ووشەی شاز و کەمتر ناسراوی کوردی یا عەرەبی و فارسی و تورکی ناو دیوانەکە یارمەتییەکی زۆری خوێنەر دەدەن بۆ ناسین و تێگەیشتنی جیهانی فیکریی شێخ ڕەزا. بەڵام بەداخەوە ئەم لایەنەی کارەکە هەندێک جار کورتی هێناوە و گەلێک ناوی کەس و شوێن هەن کە بازیان بەسەردا دراوە و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە. ئەم ناتەواوییە لە شەرح کردنی شیعرەکان و بەهەم شێوە لە عینوان و ناوی شیعرەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە ناوی کەسانی وەک *'حەمەی وەستا فەتاح'*، *'دەروێش ئەفەندی'* و *'حەسەن هەمزە'* هەن کە پارچە شیعرێکی شێخ بۆ ئەوان گوتراوە بەڵام هیچ زانیارییەک سەبارەت بەوانە نەدراوەتە خوێنەر. یا کاتێ کە شاعیر دەڵێ:

*ئەی '<u>مەلا</u>'! قەت تو لەزەرفێندا وەها خێرا نەبووی...* (ل. 89)

یا:

*وا لەحاڵێ حەلوەلادا ماینەکەی '<u>کوێخاعەلێ</u>'* (ل. )

یا:

*'<u>شێخ</u>' کە هام سوحبەتی '<u>شامار</u>' و نەدیمی '<u>حەمە</u>' بێ*

*'<u>شێخ</u>' کە دۆستی '<u>مچە ڕێژاوی</u>' و '<u>ئەحمەد جەمە</u>' بێ،...* (122)

هیچ ڕونکردنەوەیەک لەسەریان نادرێت و بە هەمان شێوە لەمەڕ *'خادمی سەججادە'* (288) و *'حاجی سەلیم خان'* (16) و.... . ئاشکرایە ناساندنی ئەوکەسانە بۆ نموونە، نەناسراوێکی وەک 'حەمە' [؟] کارێکی هاسان نییە بەڵام کەسانێکی دیکەی وەک 'خادمی سەججادە' ناساندنیان وا ئەستەم نەبووە و لەوە گرنگتر، سەردەمی ژیانی مامۆستا شوکور زۆر لە سەردەمی ژیانی شێخ ڕەزا دوور نەبووە و ئەگەریش بووبێت، ناسیاویی لەگەڵ کەسانێکی بەساڵاچووی سەردەمی خۆی هەبووە کە ئەوان دەکرا ناوەکان بناسنەوە. ئاشکرایە هەرچەندە لە سەردەمی ژیانی شاعیر دوور بکەوینەوە شانسی ناسینی ئەو کەسایەتییانە لاوازتر دەبێت و نامێنێت.

کارێکی گرنگ کە مامۆستا شوکور کردوویەتی ئەوەیە هەموو شێعرەکانی بە غەزەل و قەسیدە و مەسنەوی (المزدوج) و قەتعەوە تا چوارینە و فەرد، لە بەشی کوردی و فارسی و تورکیدا *'تەقطیع'* کردوون و بەحری عەرووزییانی دەست نیشان کردوە. هەروەها نموونەیەکی لە شێعری شاعیران لەو بەحرەتایبەتانەدا هێناوەتەوە، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە نموونەکانی لە شیعری شاعیرانی فارس هێناوەتەوە نەک کورد! من ئێستاش نازانم کاری وا بۆ کراوە، مەگەر بچینە سەر باوەڕی ئەوەی کارەکەی لە سەرچاوەیەکی فارسی کۆپی کردبێت، دەنا بۆچی مامۆستا عەزیز گەردی شیعری ناو دیوانی دەیان شاعیری کوردی تەقطیعی عەرووزی کردووە و هیچ پەنای بۆ شیعری بێگانەش نەبردووە کەچی ئەو دابەش کردنی شیعری دیوانی تەنیا یەک شاعیری لەبەر نموونەی فارسی بەرێوە بردووە؟

ڕاستی ئەوەیە سەرەڕای هەندێک نزیکایەتی نێوان شیعری کوردی و فارسی، ووردەکارییەکی زۆر هەن کە شیعری کوردی لە شیعری فارسی جیادەکەنەوە و هەربۆیەش ئەم چەشنە کارانە، سەربەخۆیی و تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەبی نەتەوایەتیمان دەفەوتێنن. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا لە هەڵسەنگاندنی شیعرەفارسییەکانیشدا تووشی هەڵەهاتووە و نموونەکەی پارچە شیعری ژمارە 94 (ل. 154) دوو فەردی سەربەخۆ و جیاواز لەیەکترن و مامۆستا بە چوارینەیەکی یەکگرتووی داناون. بەپێچەوانە دوو فەردی ژمارە 226 و 227 (لاپەڕە 212)، دوودانە فەردی سەربەخۆ نین و بەهەردوکیان چوارینەیەکن، کەچی لەکتێبەکەدا جیاجیا دانراون.

لە هەندێک شوێندا، مامۆستا تووشی هەڵەی تەقطیع هاتووە بۆ نموونە، لە شیعری 'هەجوی شوکری' (ل. 100) دا کە دەبوایە بە بەحری هەزەج دابنرایە و وەک *'مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن'* تەقطیع بکرایەت؛ یا شیعری *'دەوڵەمەندی ساحێب پارە (خەبەر چوو بۆ میرە سوورە)'* (106)، کە بەبۆچوونی من کێشی بڕگەیی هەیە و پێویستی نەدەکرد تەقطیع بکرایەت. شیعری *'برازا عەزیزەکەم'* (128) دەبوو بە *'مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن'* تەقطیع بکرێت یا شیعری *'خادمی سەججادە'* (131) کە دەبێ ڕەمەل و *'فاعلاتن فاعلاتن فاعلن'* بێت نەک *'فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن'* . شیعری *'نان ودۆشاو بوو بە یاپراخ و پڵاو'* ((187)(162) ئەگەر بە 3 فاعلاتن و یەک فعلان ی بخوێنینەوە لەگەڵ نموونە فارسییەکەیدا یەک ناگرێتەوە. پارچە شیعری *'بۆچی ئەترسم؟'* (130) کێشەکەی دیاری نەکراوە.

لە بەشی شەرحی دیوانەکەشدا چەند هەڵەیەکی دیکە ڕوویان داوە کە دەبێ ئاماژەیان پێ بکەم:

سەلم و توور و ئێرەج کوڕانی فەرەیدوون بوون نەک برای.

فەرەیدوون لە کاوەی ئاسنگەر جیاوازە و ئەو دووکەسە یەک نین، فەرەیدوون جێگری کاوەش نەبووە، کاوە بە یارمەتی کۆمەڵانی خەڵک زوحاکی لە سەر حوکمی شایەتی لابرد و فەرەیدوونی لەجێگەی دانا.

لە لاپەڕە 95 دا باس لە 'مێژوونووسان' کراوە بەڵام ناوی کەسێک ڕانەگەیێنراوە، دیارە پێویستی دەکرد بۆ نموونە ناوی یەکدوومێژوونووس کە خاوەنی ئەو بۆچوونە تایبەتەن ڕابگەیێنرایەت.

## هەڵەی نووسینەوەی شیعرەکان:

لە نووسینەوەی دەقی شیعرەکانی شێخ ڕەزاشدا هەڵەیەکی زۆر ڕووی داوە کە بەشێکیان هەڵەی چاپن و ئەوەش بەو نیشانەیەدا دەردەکەوێت کە یەک ووشە یا ناوی تایبەت لە شوێنێکدا بە ڕاست نووسراوە و لە شوێنێکیتردا بە هەڵە؛ بەڵام من خەتای ئەم کارە ئەوەندەی دەخەمە ئەستۆی چاپخانەکە ئەوەندەش لە ئەستۆی نووسەری دەزانم. نووسەرانی کورد نابێ ئیجازە بە چاپخانە و بنکە چاپەمەنییەکان بدەن ئەوەندە سەرەڕۆیی بکەن و حاسڵی زەحمەتی چەندساڵەیان بە بێ مەسئوولییەتییەوە بە تاڵان بەرن. نووسەر یا کەسێک لە لایەن ئەوەوە دەبێ مافی ئەوەی بدرێتێ پێش بڵاوبوونەوەی کتێب بە دوایین دەقی چاپکراودا بچێتەوە و بۆچوون و هەڵەبڕییەکانی بداتەوە بنکەی بڵاوکەرەوە و ئەوانیش بە ووردی ڕەچاوی بکەن. نەک هەر لە ئەورووپا بەڵکوو لە بن گوێی خۆشمان لە تورکیا و ئێران کەسانێک دەکرێنە مەئمووری هەڵەبڕی و بەراوردکاری و لێیان دەخوازرێت ئیجازە نەدەن تاقە یەک هەڵەش بە سەر دەقەکەدا تێپەڕ بێت. کورد و بنکە چاپەمەنییە کوردییەکان بۆچی ئەم کارە ئاسایی و هەرزانە ناکەن و *'زۆر بێ و بۆر بێ'* کتێبێک بە سەدان هەڵەوە دەخەنە بەر دەستی خوێنەری هەژار؟ نازانم.

هەرچۆنێک بێت، من لێرەدا ئەو هەڵە وپەڵانەی وا کەوتوونەتە بەرچاوم دەست نیشان دەکەم و هیوادارم بۆ ڕێزگرتن لە شێخ ڕەزای کەڵە شاعیری نەتەوەکەمان و هەروەها بۆ پیرۆزکردنی یادی مامۆستای نەمر شوکور مستەفا، هەموولایەکمان بەگوێرەی توانا هەوڵی سڕینەوەی هەڵەکان و ئامادەکردنی دەقێکی پاکردەی دیوانی شێخ ڕەزا بدەین.

هەر لێرەدا داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکەم بۆ هێنانی هەندێک ووشەی ناحەز و نائاسایی و دیارە هەموو لایەکمان دەزانین ساغکردنەوەی دیوانی شێخ ڕەزا بە بێ ئەم کارە، نەگونجاوە. واهەیە لە هەندێک شوێندا بکرایەت لەجیاتی ووشەیەکی ناحەز چەند خاڵ دابنرێت، سەرەتاش کە ئەم ووتارەم دەست پێکرد، هەر کارێکی وام کرد، بەڵام دیتم لە هەندێک شوێنی دیکەدا بەهۆی ساغ کردنەوەی کێش یا سەروای شیعرێک مەجبوور بە ناوبردەکردنی هەندێک ئەندامی لەش بووم کە بە پێی عادەت لە ووتاری ئاساییدا نەدەنووسران و ئیتر بڕیارم دا کاتی لە دوو شوێن ناوی ئەندامی نێرینە دەهێنرێت باشتر وایە لە شوێنی سێهەمیشدا نەشاردرێتەوە دەنا کارەکە گەڵێک دەستکرد و ناحەز دەبێت.

## بەشی یەکەم

# شیعرە کوردییەکان

*(لاپەڕە 5 تا 214 ی دیوانی چاپی مامۆستا شوکور مستەفا):*

**1.** بۆ مودیری قزڵجە (لاپەڕە 20):

*"گەر بەداری قزڵجە تێر ناخۆی...."*

نازانم مامۆستا پشتی بە کامە دەقی کۆن بەستووە کاتێ شیعرەکەی گۆڕیوە و ئەوەی لە هەموو دیوانە چاپکراوەکاندا بینراوە، کردوویەتە شتێکی تازە. دەقەکە لە دیوانەکانی تردا بەم چەشنەیە:

"گەر بەکێری قزڵجە تێر ناخۆی..."

**2.** دەردی حەبیب (ل. 29):

**ئا.** *"چاوی فەتتانی ئەتۆ ساحیرە یا جادووگەرە*

*کە بەعیشوە و ناز ئەدا عابیدی سەدساڵە فەریب"*

بەحرە عەرووزییەکە، وەک دەبینرێت، لەم فەردەدا شێواوە و هەستی وا لەخوێنەردا دروست دەبێت کە دوو لەتکەی فەردەکە پەیوەندیان بە یەکترەوە نییە. بەڵام لەڕاستیدا هەیانە و دەبێ میسراعی یەکەمی بەم چەشنە بنووسرێتەوە، کە کێش و تەقتیعی عەرووزیی غەزەلەکە تێک نەچێت:

*"چاوی فەتتانی ئەتۆ، ساحیرە یا جادووگەر؟*

بۆ میسراعی دووهەم هیچ ڕێگا چارەیەک نییە جگەلە هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەی دووبارەی بەیارمەتی ڕوونکردنەوەکانی ناو پەراوێزی لاپەڕە 30:

*"کە بە ئەفسوونێ ئەدا عابیدی سەدساڵە فەریب!"*

**ب.** *"قەیدی زوڵفە لە سەر وسەفحەیی ڕووت سابیتە، یا"*

نیوەی دووهەمی ئەم فەردە کەوتۆتە کۆتایی لاپەڕەکە. بەم چەشنە:

*"تیبەت و تیبە، کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت و زیب"*

**3.** مەلامەحموودی زەنگەنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد (ل. 42):

ناوەی ئەو شەخسە دەبێ بە *"مەلامەحموودی زەنگەن"* بنووسرێت بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە بپارێزرێت:

*مەلا مەحموو　　دی زەنگەن یع　　نی قوتبی دا　　ئیرەی ئیرشاد*

مەفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن　　مفاعیلن

بەبێ ئەم ڕوانینە، ئەفاعیلەکە لە بەشی دووهەم و سێهەمدا تێک دەچن، و شتی وا لە تەبعی ڕەوان و توانای بەرزی شاعیریی شێخ ڕەزا دوورە.

**4.** میسالی کێر و گون (ل. 62)

*"میسالی کێر و گون هەروەک کون و مار"*

بە بۆچوونی من شێخ لێرەدا ویستوویەتی سەنعەتێکی بەدیعی بخوڵقێنێت و *"لف و نشر"* [4] دروست بکات، کە کردوویەتی و لف ونشرەکەش 'مشوش'ە. لە بەشەکانی دواتری شێعرەکەشدا ئەوە دەردەکەوێت.

جا ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، دەبێ شیعرەکە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

*"میسالی کێر و قوون هەروەک کون و مار*

*کە لف ونشری مشوشن.*

**5.** کچی حەسەن کەنۆش (ل. 80-83)

*"حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن..."*

**ئا.** ژمارەی لەتە شیعرەکان ناتەواون. ئەگەر بە 7 فەردی بگرین، یەکی کەم و ئەگەر بە 6 یان دابنێین، یەکی زیادە.

**ب.** ووشەی *'بەلۆکە'* واتانەکراوەتەوە و وێدەچێت واتای نەزانرابێت. ئەو ووشەیە لە زاراوەی ئەردەڵانیدا بە مێینەی ژن دەگوترێت.

---

[4] ئەم دوو فەردە فارسییە "لف ونشر" ی مرتب و مشوش هەردوکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. من نازانم شیعری کێن بەڵام هەر لە سەردەمی خوێندنی قوتابخانەوە لەبیرم ماون:

*لف ونشر مشوش آنرا دان　　کە دولفظ آورند و دو معنی*

*لفظ دوم بە معنی اول　　لفظ اول بە معنی ثانی*

*لف ونشر مرتب آنرا دان　　کە دولفظ آورند و دو معنی*

*لفظ اول بە معنی اول　　لفظ دوم بە معنی ثانی*

**پ.** به بۆچوونی من ئەم شیعرە تێکەڵاوێکە لە دوو پارچە شیعری جیاواز و سەربەخۆ و لەناوەڕاستی لاپەڕە 82 دا لە شوێنی میسراعی *'ئەی شێخی دین خاس، ئەی شێخی دین خاس!'* شیعرەکە دەبێت بە پارچەیەکی جیاواز لە بەشەکەی پێش خۆی. ئەم پارجەیە شێوازی شیعری بێسارانی و بەرامەی هەجوی شێخ ڕەزای پێکەوە هەیە.

**6.** شین بۆ سەرداری ئاکۆ (ل. 84)

*"ڕووخاندی گەردشی گەردوون لە هەرجێ ئاستانێ بوو..."*

لە تەقیطیعی عەرووزیدا، ووشەی *'ڕووخاندی'* لەگەڵ 'مفاعیلن' ی یەکەمدا نایەتەوە و *'سەبەب'* ێک زیادی دێنێت. هەربۆیەش لام وایە دەبێ لەجیاتی *'ڕووخاندی'*، ووشەی *'ڕماندی'* دانبرێت و لە بنەڕەتیشدا هەر وابووبێت:

*'ڕماندی گەردشی گەردوون لەهەرجێ ئاستانێ بوو...'"*

**7.** نینۆکی شێخ ڕەزا و کلکی حەسەن هەمزە (ل.91)

*"من ووتم ناخوێنی شیر، ئەو ووتی کلکی شێرە"*

لە شێوەزاری ئەردەڵانی وگۆرانیدا *'ناخون'* بە واتای نینۆخ و نینۆکە.

*'من ووتم ناخوێنی...'* هەڵەیە و دەبێ *'من ووتم ناخونی'* بێت.

*"من ووتم ناخونی شیر، ئەو ووتی کلکی شێرە"*

**8.** باسی تازە (ل. 91)

**ئا.** *"وا دەڕۆن و دێن نازانم چییان لێ ون بووە..."*

کێشی شیعرەکە بە ئاشکرا ناتەواوە و بە دوو شێوە دەگەڕێتەوە سەر دۆخی خۆی:

1- دوای ووشەی 'دێن'، "سکون:" واتە ووچانێک ببەسترێت و فاریزە (وێرگول) ێک دابنرێت: *'دێن، نازانم'*

*"وا دەڕۆن و دێن، نازانم چییان لێ ون بووە..."*

2- واوێکی عەتفیان لە نێوان دابنرێت: *'دێن و نازانم'*.

*"وا دەڕۆن و دێن و نازانم چییان لێ ون بووە..."*

**ب.** *'حاکمی سوڵح، غەفوورئاغا، جەنابی بابڵێ...!'*

کێشی ناتەواوی شیعرەکە بە گۆڕانکارییەک لە ووشەی *'سوڵح'* دا جێ بەجێ دەبێت:

*'حاکمی سوڵحە غەفوور ئاغا، جەنابی با بڵێ ...'*

**9.** هەجوی شێخ غەفووری مامی شێخ ڕەزا (ل. 97)

**ئا.** *"دوو سێ دێی داوەتێ سوڵتان بە ئیتعامی تەعام"*

کە هەڵەی تێکەوتووە و بەو هەڵەیەش کێشەکەی لەنگ بووە. ڕاستەکەی دەبێ بەم شێوەیە بێت:

*"دوو سێ دێی داوەتێ سوڵتان پەیی ئیتعامی تەعام"*

**ب.** *"ئەمە گشت باوکی سەرمەشقی لەبۆ داداوە"*

ئەم میسراعەش هەڵەی تێکەوتوە و ڕاستەکەی بەم شێوەیە دەبێ:

*"ئەمە گشت باوکییە سەرمەشقی لەبۆ داداوە"*

**10.** هەجوی شوکری (ل. 100):

**ئا.** *"شوکری! لە داخت ئەمە ساڵێکە یا دووە...."*

کێشە لەنگەکەی بەم شێوەیە ڕاست دەکرێتەوە:

*"شوکری! لە داخی تۆ ئەمە ساڵێکە یا دووە..."*

**ب.** *"یایە، کە مەعبەری دوبری و دیهلیزی کوزی...."*

دیسان بەهۆی لەنگیی کێشەوە دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

*"یایە، کە مەعبەری دوبر و دیهلیزی کوزی...."*

کە هێشتا 'سەبەب' ێکی ووشەی 'دیهلیز' هەر کێشەی هەیە و دەبێت بە 'دیهلز' بخوێنرێتەوە تا لە قاڵبە عەرووزییەکەدا جێگەی بێتەوە واتە سەبەبی سەقیل بکرێت بە سەبەبی خەفیف:

*"یایە، کە مەعبەری دوبر و دیهلزی کوزی...."*

پ. *"بەم شیعرە بێ فەرانە نابێتە شێخ ڕەزا"*
لەنگیی ئەم میسراعەش بە ساغکردنەوەیەکی کەم چارەسەر دەکرێت:
*"بەم شیعرە بێ فەرانەوە نابێتە شێخ ڕەزا"*

**11.** هەجوی شوکری (ل. 114):

*"عومری لە هەوەڵ تا ئاخری تێدا ڕزاوە"*

من وای بۆ دەچم کە ئەگەر لە جیاتی عیبارەتی*'تا ئاخری'* بنووسرێت*'تائەبەدی'* کێشەی کێش چارەسەر دەکرێت:

*"عومری لە هەوەڵ تا ئەبەدی تێدا ڕزاوە"*

**12.** شێخ هۆمەر (ل. 115)

*"کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قوڕومساغەکەی"*

بە بێ گۆڕینی*'قوڕومساغەکەی'* و کردنی بە بیچمێکی نائاسایی ووشەکە، ناتوانین سەروبەری کێشەکە پێکەوە بنێین، واتە: /و/ ی یەکەم بە /ۆ/ بخوێنینەوە و بڵێین *'قۆڕومساغەکەی'*:

*"کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قۆڕومساغەکەی"*

یا پیتی /ڕ/ ی ووشەکە بە شەددەوە بخوێنینەوە:

*"کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قوڕڕومساغەکەی"*

**13.** ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ (ل. 120)

*"قوربانی حەفیدانی دەبم بابی وو داکی"*

پێویست بە دوودانە /و/ ناکات؛ *'بابی و داکی'* تەواوە.

**14.** حەوشە ڕەش (ل.123)

*"سەر وڕیشم پڕ لە ڕشک و سپێ"*

میسراعی یەکەمی ئەم لەتکە شیعرە دیار نییە.

*'سپێ'* بە شێوەزاری ئەردەڵانی،*'ئەسپێ'* یە.

ناتەواویی کێشەکەی بە هۆی گۆڕینی ووشەی*'پڕ'* ەوە، بە دوو شێوە چارەسەر دەکرێت:

'سەر وڕیشم **پڕە** لە ڕشک و سپێ'

یا:

'سەروڕیشم **پڕن** لە ڕشک و سپێ'.

**15.** برازا عەزیزەکەم (ل. 128)

*"دانیشتبوون دووڕیزە لەدەوری خلە لەزی..."*

کێشی شیعرەکە کاتێ تەواو دەبێت کە ووشەی *'دوو'* (کە 'سەبەب' ی سەقیلە) بە واوی کورت واتە *'دو'* (کە سەبەبی خەفیفە)، بخوێنرێتەوە:

*"دانیشتبوون دوڕیزە لە دەوری خلە لەزی..."*

**16.** ئێستری زیندوو یامردوو (ل. 132)

*"بێچوەکانم سەر لەسبحەینێ هەموو دەورم دەدەن*

*ئەم ئەڵێ پوولم نەماوە، ئەو ئەڵێ بێچووم دەوێ"*

ئاشکرایە دەبێ *'پووڵ'* بە واتای *پارە* بێت نەک *پوول* بە واتای *تەمری پۆستە*. هەروەها *'بێچووم دەوێ'* بە ئاشکرا هەڵەیە. بێچووەکانی بۆچی داوای *'بێچوو'* ی لێدەکەن؟ ئەوە یانی چی؟

بەبۆچوونی من ووشەکە، *'توێشە'* یا *'تێشوو'* و 'توێشوو'ە بەواتای نانەشیرینی لەجێی بێچوو بووە.

*ئەم ئەڵێ پوولم نەماوە، ئەو ئەڵێ تێشووم دەوێ"*

**17.** هەروەکوو ئەشکم بە ڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز (ل. 144)

*"ئێشتیاقی هەر وەکوو کاڵەک لەبەر شیرینە کوز"*

هەڵەیە و دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

*"ئێشتیاقی هەروەکوو کاڵەک لەبەر شیرینیە"*

**18.** پارچەشێعری ژمارە 83 (ل. 148)

**ئا.** *"موتەلەووین و میزاجی گووناگوون"*

دەبێ واوی عەتفی دوای موتەلەووین فڕی بدرێت بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە وهەروەها واتاکەی تەواو بێت:

*"موتەلەووین، میزاجی گووناگوون"*

یا:

*"موتەلەووین میزاجی گووناگوون"*

**ب.** *"دێ ودەچێ وەک مریشکی چیللە بەقوون"*

کە ئاشکرایە دەبێ *"چیلکە بەقوون"* بێت.

*"دێ ودەچێ وەک مریشکی چیلکە بەقوون"*

**19.** نابەکاری وەکوو ئەم جووتە لەعینە لێرە (86 ل. 150)

*"نەبوە قەت، ئەمە موددێکی مەدید و دێرە"*

لەنگی کێشی شیعرەکە بە لابردنی *'قەت'* و دانانی *'هەرگیز'* لە شوێنی ئەو، جێ بەجێ دەبێت یاخود دەبێ ووشەی *'نەبوە'* وەک *'نەبووە'* و بە واوێکی درێژ بخوێنرێتەوە:

*"نەبوەهەرگیز، ئەمە موددێکی مەدید و دێرە"*

یا:

*"نەبووە قەت، ئەمە موددێکی مەدید و دێرە"*

**20.** جەوهەری مەحزە لەهەردوولاوە، وەک تێغی دەبان (88 ل. 151)

*"چاک خراپ نابێ بە شیعری شاعیرێکی قەلتەبان"*[5]

دەکرێ گومانی ئەوەبکەین کە ئەم پارچە شیعرە هی شێخ ڕەزا نییەو کەسێکی دیکە گوتوویەتی و شێخ ڕەزای بە *'قەلتەبان'* ناو بردووە. بەڵام ئەوەی کە شاعیر جنێو بەخۆی بدات لە ناو ئەو شاعیرە فارسانەدا هەبووە کە پێشتر لەبەشی سەرەتادا ناوبردەم کردن. بۆنموونە، سوزەنی ئاوا باسی خۆی دەکات:

*"منم کلوخ خرافشار کنگ خشک سپوز   حرام زاده و قلاش و رند  و عالم سوز"*

تۆ بڵێی شێخیش نەیوستبێت کارێکی وا بکات؟

**21.** بە کێری گەورە بەرم لە مەقعەدت تا بن (89 ل. 151)

---

[5] قەلتەبان = قوڕومساغ

**ئا.** لێرەشدا ناتەواوییەکە هی کێشی شیعرەکەیە، کە ووشەی *"من"* ی لێ داکەوتووە. کەوابوو شێوازی ڕاستی شێعرەکەی شێخ ڕەزا بریتی بووە لە:.

*"بەکێری گەورە بەرم من لە مەقعەدت تابن"*

**ب.** *"ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت، ترت دەبێت دووان"*

کاتێ کێشی شێعرەکە دەگرینە بەرچاو، هەست بە لەنگی دەکەین، کە ئەویش بە دووشێوە ساغ دەکرێتەوە:

*"ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت، ترت دەبێتە دووان"*

یا:

*"ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت، ترت دەبێت بەدوان"*

**22.** من سەدی وەک تۆم لەجێ گاوە کەچی ئێستا ئەتۆ (95 ل. 155)

شیعرەکە لە دیوانەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە:

*"من سەدی وەک تۆم لەجێ گاوە، کەچی ئێستا ئەتۆ*

*پیر و ئیفتادە "ڕەزا"یە کێرەکەی بۆچی شلە؟"*

دیارە لە شێوازی سەرەوەدا شیعرەکە هیچ واتایەکی تەواوی نییە مەگەر لە جیاتی *"ئەتۆ"* ووشەی *"دەڵێی"* دابنێین و ئاوای بخوێنینەوە:

*"من سەدی وەک تۆم لەجێ گاوە، کەچی ئێستا دەڵێی:*

*پیر و ئیفتادە "ڕەزا"یە، کێرەکەی بۆچی شلە؟"*

**23.** ڕقی هەستا سنەیی دێ لە سلێمانی ئەدا (ل. 156)

*"بە دوو پارە و پووڵێ ژنی کامیان ترنە"*

من لام وایە دەبێ لەجیاتی *'دووپارە'*، بە *'دووسێ پارە'* بخوێنرێتەوە و لەجیاتی *'ترنە'* ش *'مەزنە'* دابنرێت تا کێشەی کێش لە یەکەم و مەسەلەی واتا لە دووهەمیاندا چارەسەر بکرێت:

*"بە دووسێ پارە و پووڵێ، ژنی کامیان مەزنە"*

واهەیە بەم شێوەیەش بووبێت، بەڵام ئەگەری بوونی کەمترە:

*"بە دووسێ پارە و پووڵێ، ژنی کامیان کە ژنە"*

واته "سەرەژن" ەکانیان.

**24.** وەعدی من و تۆ ئەی ڕەمەزان! ... (ل. 158)

**ئا.** *"شەرعی من وتۆ لەحوزوور باری خودا بێ"*

کێشی ئەم فەردە ناتەواوە و بە بۆچونی من بەم شێوەیە تەواو دەکرێت:

*"با شەرعی من و تۆ لەحوزوور باری خودا بێ"*

**ب.** *"کێ دیویەتی شەقاییق یەرەقانی بەسەرا بێ؟"*

*من میسراعەکە ئاوا ساغ دەکەمەوە:*

*"کێ دیویە شەقایق یەرەقانی بەسەرا بێ؟"*

**پ.** لە پەراوێزی لاپەڕەکەشدا ئەم شێعرە فارسییە بە هەڵە نووسراوە:
*"آن کە خدای از قلم لطف نگارد"*
*کە دەبێ بەم شێوەیە بێت:*
*"آن را کە خدای از قلم لطف نگارد".*

**25.** چونکە شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا (126 ل. 172)

بە حیسابی واتای شیعرەکەدا لام وایە باشتر بێت لەجیاتی 'چونکە' ووشەی 'هێندە' دابنێین:

*" هێندە شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا..."*

**26.** کەلیماتی حیکمەت ئامێز لە جەنابی شێخ ڕەزاوە (128 ل. 173)

*"کەلیماتی حیکمەت ئامێز لە جەنابی شێخ ڕەزاوە*

*بە عەجاییی مەزانن کلکی تێیا ڕزاوە"*

کێشی شیعرەکە تەواو تێکچووە. من بەم شێوەیەی ساغ دەکەمەوە:

*"کەلامی حیکمەت ئامێز لە لای شێخ ڕەزاوە*

*عەجاییی مەزانن، کلکی تێیا ڕزاوە"*

**27.** ئەم قنگە زلە حیزە کە موسەمما بە ڕەشیدە (137 ل. 177)

*"ئەمقنگە زلە حیزە کە موسەمما بە ڕەشیدە"*

ئاشکرایە دەبێ بەم شێوەیە بێت:

*"ئەمقنگ زلە حیزە، کە موسەمما بە ڕەشیدە"*

**28.** چەند ساڵە ڕەنج ئەدەی و هێشتا ڕووت تری لە سڵق (139 ل. 178)

*"چەند ساڵە ڕەنج ئەدەی و هێشتا ڕووت تری لە سڵق"*

لام وایە دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە کە کێشی شیعرەکە ڕاست دەربێت:

*"چەند ساڵە ڕەنج ئەدەی و هێشتە ڕووت تری لە سڵق"*

**29.** بەم جووتە گونە کە دەڵێی عەنتەری نێرم (141 ل. 179)

گومانی تێدا نییە دەبێ بەم شێوەیە بێت:

*"بەم جووتە گونە، من کە دەڵێی عەنتەری نێرم"*

**30.** سەرپەتی خۆی لێ پەتی کرد تا مووانی نایە سەر (143 ل. 180)

*"قوڵەرەش هێندەی گوشی تا ئاوی لێ هێنایە دەر"*

چ لەباری واتا و چ بەهۆی کێشەوە دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

*"قوونەرەش هێندەی گوشی تا ئاوی لێ هێنایە دەر"*

**31.** هەر بە تەعریف و کینایەت لە بنی سینگت بەم (149 ل. 182)

وەک لە دەقی دیکەدا دیبێتم دەبێ بەم شێوەیە بووبێت:

*" هێند بە تەعریف و کینایەت لە بنی سینگت بووم،"*

**32.** هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان (157 ل. 185)

*" هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان*

*بەری حەملەی دەگرێ لەشکری گاوان و شوان."*

ئەم شیعرە تەوسێکی تێدایە و تەنیا کاتێ دەردەکەوێت، کە لە کۆتایی لەتەشیعری دووهەمدا نیشانەی پرسیار یا خود سەرسووڕمان دابنێین، وەک:

*" هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان*

*بەری حەملەی دەگرێ لەشکری گاوان و شوان؟"*

**یا:**

*" هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان*

*بەری حەملەی دەگرێ لەشکری گاوان و شوان!"*

من دووهەمیان لەگەڵ تەبعی شێخ ڕەزادا بە وێچووتر دەزانم.

**33.** دووجانەوەر لەئەسڵی جانی ئیبنی جان (158 ل. 185)

"دووجانەوەر لەئەسڵی جانی ئیبنی جان

ئەمین حاجی کەریم و ئەمین بابەجان"

شیعرەکە تەواو لەنگە و لەگەڵ نموونەیەکی فارسیدا نایەتەوە کە بۆ تەقطیعی هێنراوەتەوە. من ئاوای دەخوێنمەوە:

"دووجانەوەر لەئەسڵی جان ئیبنی جانی جانن

ئەمین حاجی کەریم و ئەمینی بابەجانن"

**یا:**

"دووجانەوەر لەئەسڵی جان ئیبنی جانی جانن

ئەمینی حاجی کەریم، ئەمینی بابەجانن"

**34.** ڕەفیقم بوو جوانێکی (جوانڕۆ) (159 ل. 186)

*"ڕەفیقم بوو جوانێکی جوانڕۆ*

*کەچوو (ماڵیم بەسەرخۆما جوانڕۆ)"*

بە داخەوە لە باشووری کوردستان چ بایەخێک بە خاڵبەندی نادەن لە حاڵێکدا بە خاڵبەندی قسە دەکرێت و واتا ڕادەگەیێنرێت. ئەم شیعرە دەبێ ئاوا بنووسرێتەوە:

*ڕەفیقم بوو جوانێکی 'جوانڕۆ'،*

کەچوو، ماڵیم بەسەرخۆما: *"جوان ڕۆ"* !

**35.** <u>نان و دۆشاو بوو بە یاپراغ و پڵاو</u> (162 ل. 187)

*"نان و دۆشاو بوو بە یاپراغ و پڵاو*

*بووی بە گەورەی ئەهلی (نۆدێ) کاکەلاو"*

شیعرەکە باش تەقطیع نەکراوە و لەگەڵ نموونە فارسییەکەدا یەک ناگرێتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| نان و دۆشاو | بوو بە یاپرا | غ و پڵاو |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |
| بووی بە گەورەی | ئەهلی نۆدێ | کاکەلاو |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |

واتە بەحری ڕمل مسدسی مەحزوفە نەک مثمن

*"نان و دۆشاو بوو بە یاپراغ و پڵاو*

*بووی بە گەورەی ئەهلی "نۆدێ"، کاکەلاو!"*

**36.** <u>سولەیمانی هەتانە ناوی نابەم وەک کونی بێچوو</u> (163 ل. 187)

سولەیمانی هەتانە ناوی نابەم وەک کونی <u>بێچوو</u> نەمزانی چییە و یانی چی؟ مەگەر شتێکی وەک:

سولەیمانی! هەتانە ناوی نابەم وەک کونی <u>بێموو</u> (؟)

**37.** <u>لەسەر شاە و گەدا ئەم فیعلە فەرزە</u> (175 ل. 192)

*"لەسەر شاە و گەدا ئەم فیعلە فەرزە*

*کەسێ ئەلفێکی بێ، بینێ لە هەمزە"*

بە هۆی گۆڕانکارییەکی کەم لە پیتی /ی/ و /ێ/ وە دەکرێ واتاکەی کامڵ بکرێت:

*"لەسەر شاه و گەدا ئەم فیعلە فەڕزە*

*کەسێ ئەلفێکی بێ، بینێ لە هەمزە"*

دیارە ئەوە ئیهامە و واتای نزیکی ئەلف هەمزەی ڕێنووسە بەڵام واتای دووری بریتییە لە جنێوێک کە بە هەمزە ناوێک دراوە و ئەلفێکی حەواڵە کراوە!

**38.** حەرام زادە و داکی خۆگێ لەبەر تەکیە زۆرە (190 ل. 198)

*"حەرام زادە و داکی خۆگێ لەبەر تەکیە زۆرە*

*خلە وبلە و فشەگاڵتە و عەزە دەم بۆرە"*

نە شیعرەکە تەواوە، نە تەقطیع و بەحر دۆزینەوەکەی. لام وایە هۆکاری مەسەلەکەش هەڵەی تۆمارکردنی شیعرەکە بێت. بەداخەوە ناتوانم هیچ یارمەتییەکی کارەکە بدەم.

**39.** لە سایەی دەهری دوون پەروەر ئەمێستە لەک لەک ئەدوێ (197، ل. 201)

پێویستە لە نێوان دوو لەکەکاندا *'لە'* یەکی لێ زیاد بکرێت:

*"لە سایەی دەهری دوون پەروەر ئەمێستە لەک لە لەک ئەدوێ"*

**40.** ئەگەر حەملە بکەی مەدحت دەکەم من (200، ل. 203)

بە حیسابی سەنعەتی 'تضاد' ئەگەر ووشەی *'ذم'* لە جیاتی حەملە دابنرێت تەواوترە:

*"ئەگەر زەمم بکەی، مەدحت دەکەم من"*

**41.** چەرمی ڕووی هێند قایمە، شمشیری هیندی نابیڕێ (218، ل. 209)

*"چەرمی ڕووی هێند قایمە، شمشیری هیندی نابیڕێ*

*گەربەکەوشی کەی دەمێنێ، تاقیامەت نای دڕێ"*

که دەبێ /ی/ ی 'نایدرێ' قرت بکرێت:

*"گەربەکەوشی کەی دەمێنێ، تاقیامەت نادرێ"*

**42.** با جەردە بییا کەوڵەکەی تاجی (224، ل.211)

*"با جەردە بییا کەوڵەکەی تاجی*

*بەهار هات جلی پێ ناوێ تاجی"*

لام وایە تاجی یەکەم دەبێ حاجی بێت، بەم شێوەیە:

*"با جەردە بییا کەوڵەکەی حاجی*

*بەهار هات، جلی پێ ناوێ تاجی"*

**43.** گەرچی من سەگم ئەمما بەخودا خۆم دەکوژم (227، ل. 212)

***ئا.*** *"گەرچی من سەگم ئەمما بەخودا خۆم دەکوژم"*

کێشەکەی ناتەواوە و واهەیە ئاوابێت:

*"گەرچی من خۆم سەگم ئەمما بەخودا خۆم دەکوژم"*

**ب.** بە بۆچوونی من ئەم شیعرە تاکە فەرد نییە و لەگەڵ فەردی پێشوودا چوارینەیەک پێک دێنن:

*"بەسەگم گوت: عەجەبا خزمتە حوسنی پاشا!*

*توورەبوو، کلکی لەقاند و گوتی: حاشا، حاشا!*

*گەرچی من خۆم سەگم، ئەمما بەخودا خۆم دەکوژم*

*ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا"*

---

**پاشکۆ:**

(پەراوێزی ژمارە 1، لاپەڕە 4)

شیعری فارسی جەمیل سیدقی زەهاوی (1863 – 1936):

## زمزمه عقل سلیم

به خدا نیست اعتقاد، مرا
مادر از کون خر نزاد مرا
من به حکم طبیعتم جنبان
می برد پیش، گردباد مرا
من فدای حکیم عقل شوم
که عجب مشکلی گشاد مرا
یاخرد راست گفت: ایزدنیست،
یا که ایزد خرد نداد مرا
گر نمیتافت مهر علم ازغرب
زود می گشت انجماد مرا
جهل اگر راحتست دلها را
این چنین راحتی، مباد مرا!
عشق فهم تو ای جمال حیات!
آتش افکند در نهاد مرا
قوتی هست دربنای جماد
که برآورد از جماد مرا
با نجیبان نوع بوزینه
اشتراکست در نژاد، مرا
برد و آورد از جهان به جهان
بارها کون پر فساد، مرا
دست قوت که حاکم کونست،
گاه برداشت، گه نهاد، مرا
بعد مرگم چو عصرها گذرد،
که دگر آورد به یاد مرا؟

کم کن ای شیخ! پند خویش،که نیست
طاقت سمع، زین زیاد مرا
تو به این ریش و سبحه و دستار
نتوانی فریب داد، مرا
آتش دوزخ و نعیم بهشت
نه هراسان کند، نه شاد مرا
نه من آن جاهلم که بیم جحیم
افکند دور از مراد مرا
احمقم گر کند گهی خرم
وعده حور در معاد مرا
نیست جز عقل خود در این ظلمات
برچراغ کس اعتماد، مرا
گفته بودی به کلبەت آیم،
گر بکوی تو ره فتاد مرا
این قدر سالها گذشت و هنوز
تو نیاوردەای بیاد، مرا

20 سپتامبر 1913 استانبول،

**درێژەی ووتارەکە بەشی فارسی دیوانی شێخ ڕەزا دەبێت**

**چاوەڕوان بن**